# ئەو تۆزە متمانەیەش لەدەست مەدەن

**نەژاد عومەر**
Nejad.umer@hotmail.com

**ئەو لێپرسراوانەی کە ئەمڕۆ جڵەوی چارە نوسی کوردوستان و چارەنوسی من و تۆی بە دەستەوەیە، هەر ئەو کەسانە بوون کە تێکڕا پێکڤەوە لە ڕۆژە خۆشەکانی سەختی خەباتدا سانایانە مامەڵەمان لەتەك یەکتردا دەکرد، ئەو ڕۆژانەی کەهیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی نەیئەبەستین بەیەکەوەو و خڕی نەدەکردینەوە،تەنها بەربەرەکانی یەکتر نەبێت، ئەویش بەربەرەکانیەکی پیرۆز، خاوێن،بێگەرد، ڕوونتر لەئاوی ئەو کانیەی کە پێکەوە بەمست لێمان دەخواردەوە ، ئەو بەربەرەکانیەش بەربەرەکانی کێ زیاتر ناسرەوێت بوو لە پێناو زووتر وەدیهێنانی ئەو خواست و ویستانەی کە لە پێناویدا شەوو ڕۆژمان بۆ خستبوە بان یەك. وەلێ بەداخەوە ئەمڕۆ بەرژەوەندیەکان ڕاشکاوانە بۆ خۆیان دەپەیڤن لێپرسراوەکان بۆ خۆیان بەچەندەها جۆر بەربەرەکانی یەکتر دەکەن،بەربەرەکانی لەبیرکردنی ژیانی شاخ-هەرچەندە لەوێش ژیانیان لەمن خۆشترو ئەمین و ئومەناتر بوو- بەربەرەکانی پشتکردنە خەڵکی شۆڕشگێر،بەربەرەکانی پشتکردنە ئاوەدانکردنەوە بەربەرەکانی پشتکردنە ریفۆرم،ئەمە جگە لەبەربەرەکانیە تایبەتیەکانی خۆیان،وە هەروەها جگە لە لاف و گەزافی کوڕو کچەکانیان لەخوێندنگاکان و زانکۆدا، کە بەسەر کوڕو کچانی میللەتا ئەیفرۆشن، ئەم هەموو بەربەرەکانیەش هەمووی لەسەر حسابی بەری ڕەنجی خوێنی من و تۆی زەحمەتکیش و هیلاك و بەش مەینەت و ستەمدیدەیە دەیکەن، بەبێ ئەوەی بیربکەنەوە کە بەناخیری گیانمان ئێمە دروست کەریان بوین.**

**هەر لەو دەمەشدا (واتە لە شاخ) خاوەنی یەك هیواو یەك خواست و یەك ئامانج بووین زۆر جار سودفەشی ئەکرد لەماڵی زەحمەتکێشێکدا پێکەوە دەبوینە خانەخوێ و لەسەر یەك سینی قوپاوی جوان نانمان دەخواردو دائەمەزراین، خوانمان ساکارو پۆشاکمان ساکارو پەناگەشمان چیای سەرکەش و زستانانیش بەفر ڕایەخمان بوو.**

**ئێمە ناڵێین نابێت جەنابیان لەعەیش و نۆشدا نەژین و لە کفنی حەریرا نەیاننێژن بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو کەسێك بەری ڕەنجی خۆی ئەدورێتەوە،بەو مەرجەی ڕەنجی میلەتیش وێڵ نەکرێت و عادیلانە پاداشتی بدرێتەوە، پاداشت دانەوەی میلەتیش دەبێت پێش پاداشتەکانی خۆیان بێت لە پێناو بەرجەستەکردن و وەدیهێنانی ئەو داواکاریە ڕەوایانەی کەهەموو حاکمێکی وولات پێش پێداویستیەکانی خۆی بۆ گەل و میلەتەکەی دابینی دەکات، میلەت داواکاری ئەوەیە کەئەو خزمەت گوزاریانەی ئینسانی کورد لەسایەیدا دەحەوێتەوە بۆی دابین بکرێت، داواکاری ئەوە نیە ببێتە برا بەشی سەروەت و سامانەکانیان، بەڵکو داواکاری ئەوەیە لەبەر مۆم وچرادا شەو نەگوزەرێنێ، ئاوی بۆ دابین بکرێت، سووتەمەنی لەبازاڕی ڕەشدا نەکرێت، خزمەتگوزاریە تەندروسیەکانی بەشێوەیەکی شیاو بۆ فەراهەم بکرێت، پرۆژەکانی ڕێگەوبانی بۆ دەستەبەر بکرێت،ئەو کەسانەی لەگەندەڵیدا تابینەقاقا نقووم بوون لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت وقۆرخ بکرێت و یاسا سەروەر بێت، کەس کەسێنەو خزم خزمێنە وەلا بنرێت.**

**ئەو ئاستەنگانەی لە وڵاتەکەماندا هەیە بەچاویکی خەمخۆرانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و کارێك بکەن کە زیاتر تەشەنە نەکات،ئەو بودجەیەی تەرخانە بۆ هەرێمی کوردوستان لە ئاوەدانکردنەوەیدا**

**خەرج بکرێت،نەك تەنها لەئاوەدانکردنەوەی ماڵ و گیرفانی خۆتانا سەرف بکرێت، تاوەکو ئەو متمانە کەمەی کە لای خەڵکی ستەمدیدەو بەش مەینەت ماوتانە بەئێجگاری بەرەو نەمان نەچێت، چونکە ئێستاکە تاکی کورد لەو کاتەوەی کە لە ژنە پێشمەرگەکانتان جیابوونەتەوە بە بیانوی ئەوەی لە گەڵ یەکدا ناگونجێن، ئەو متمانەیەی جارانی بە جەنابتان نەماوە لە بەر ئەوەی کەتۆیەکی لێپرسراو نەتوانیت ئاستەنگەکانی نێو خێزانی خۆت چارەسەر بکەیت ئیدی چۆن ئەتوانیت خزمەتی میلەت بکەیت و ئاستەنگەکانی میلەتێك چارەسەر بکەیت.**